گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/fzndcc89
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 02/02/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 05/05/2024
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2025

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوانی قەزای کەلار لە نێوان ساڵانی (1977 – 2022)

**بختيار محمد مجيد [1] - هاوكار صالح علي[2]**
hawkahaji39@gmail.com -Bakhtyar38541@gmail.com
[1+2]بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان، کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
گەشەی دانیشتوان بە یەکێك لە بابەتە گرنگەکان لە جوگرافیای دانیشتوان دادەنرێت، کە کاریگەری لەسەر ڕواڵەتی دینامیکی کۆمەڵگە هەیە، گۆڕانکارییەکانی دانیشتوان لە ڕابردو، ئێستا و داهاتودا ئاشکرا دەکات، بەرچاوڕونی دەدات بە پلاندانەران لە پێناو بنیادنانی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی پلاندانانی گەشەپێدان لە هەمو بوارە جیاوازەکانی ژیانی ئابوری و بیناسازی تەنانەت تەندروستیش، بۆیە گەشەی دانیشتوان بو بە دیاردەیەکی جەخت لەسەرکراو لەلایەن زانایانی جوگرافیای دانیشتوان.

ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگیدەدات بە گەشەی دانیشتوانی قەزای کەلار لە ماوەی ساڵانی (1977 – 2022)، قەزای کەلار یەکێکە لە قەزا دیار و گرنگەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارێزگای سلێمانی بەتایبەت، دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی، کە (4) یەکەی کارگێری لەخۆدەگرێت.

ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی جیاوازی گەشەی دانیشتوانە لە ناوچەی توێژینەوە، هەروەها لە ئەنجامی توێژینەوەکە بۆمان ڕونبوەتەوە، کە تێکڕای زیادبونی سروشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە نێوان ساڵانی (2010 – 2022) ڕێژەکەی (16.4) بوە، بەجۆرێك بەرزترین ڕێژە لە ساڵی (2013) بوە بەڕێژەی (24.3) بوە، کەچی نزمترین ڕێژە ساڵی (2020) بوە بەڕێژەی (10.6) بوە، هەروەها لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆمان دەردەکەوت، کە گەشەی دانیشتوان ناوچەی لێکۆڵینەوە جیاوازە بەپێی ساڵەکان جیاوازە، بەشێوەیەك گەشەی دانیشتوان لە نێوان ماوەی ساڵانی (1977 – 2002)دا، لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕێژەکەی گەیشتبوە (5.4٪)، پارێزگای سلێمانی (3.5٪) بوە، بەڵام لە ماوەی ساڵانی (2002 – 2022)، ڕێژەکەی (2.5٪)، گەشەی دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی لە هەمان ماوە ڕێژەکەی (1,7٪) بوە.
**کلیلە وشەکان:** گەشەی دانیشتوان، قەزای کەلار، دانیشتوانی شارنشین، دانیشتوانی گوندنشین

# Geographical Analysis of Population Growth in Kalar District Between (1977-2022)

**Bakhtyar Muhammad Majeed1 - Hawkar Salih Ali 2**

[1+2]Kalar Education Directorate, Garmian General Directorate of Education, Kalar, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

The growth of the population can be assumed as one of the significantly paramount demographic phenomena in the field of population geography, which has impacts upon the dynamic face of society from past, present, and in the future as well, opening windows of opportunities to the planners with all the required information to build general outlines of the development planning in all the variety of life, economy, construction, and health sectors. Therefore, population growth turned out to be an accentuated phenomenon by the population geographers.

This study highlights the population growth of Kalar district during the years 1977-2022. Kalar district is one of the most remarkably outstanding districts in the Kurdistan Region overall and Sulaimani province in particular, situated at the southeast of Sulaimani province as it incorporates 4 instrumental administrative units.

The objective of this research is to render the distinction in population growth in the area of investigation. The result of this research revealed that the percentage of natural increase in the area of investigation between the years of 2010-2022 was (16.4%). The highest rate in the year of 2013 was (100.0%) (24.3%), while the lowest of all was (10.6%) in the year of 2020. This research concludes that population growth in various areas of investigation fluctuates as per the years in question. The growth of the population between the years of 1977-2002 in the area of investigation reached (5.4%), whilst in Sulaimani province it was (3.5%). However, in the years 2002-2022, the growth rate in the area of investigation decreased to (2.5%), while the growth of the population in Sulaimani province was (1.7%)

Keywords: Growth of population, Kalar District, Urbanism, Villagers .

## پێشەکی:

گەشەی دانیشتوان یەکێکە لەو دیاردە دیمۆگرافیانەی کە گرنگی زۆری هەیە، لە لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت لە جوگرافیای دانیشتواندا هەوڵدەدرێ زیادبونی ژمارەی دانیشتوان و جیاوازیان بەپێی شوێن بزاندرێ، کە ئەمەش دەرئەنجامی کاریگەری ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان (لەدایکبوان، مردوان، کۆچ)، کە پێویستە پێکهاتەکانی دەستنیشان بکرێن، ڕێژەکانیان هەژماربکرێت، ئەگەری پێشبینیکردنیان و ڕادەی کاریگەرییەکانی لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە، لێکۆڵینەوەی گەشەی دانیشتوان کاریگەری گەورەی هەیە لە پێدانی وێنەیەکی ڕون دەربارەی قەبارەی دانیشتوان ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە گەشەکردن و دابەشبونیان، هاوسەنگکردنی لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستیاندایە، بەم شێوەیە گەشەی دانیشتوان و ڕێژەی گۆڕانکاری لە قەبارەی دانیشتواندا نیشاندەدات، وەك زیادبون لە ئەنجامی لە دایکبوانەوە ڕودەدات، کەمبونەوەی قەبارەی دانیشتوان کە لە ئەنجامی مردنەوە ڕودەدات، هەروەها فاکتەری کۆچ بە هەردو جۆرەکەی، ناوخۆیی کە هۆکاری زیادبونە، و دەرەکی هۆکاری کەمبونەوەی دانیشتوانە.

هەروەها لێکۆڵینەوەی گەشەی دانیشتوان لە قەزای کەلار لە نێوان ماوەی ساڵانی (1977 – 2022)، لە ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکەمان ڕونکراوەتەوە، بە پشت بەستن بە داتاکانی سەرژمێری ساڵی (1977 – 1987)، ئامارەکانی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم لە ساڵی (2002 – 2022)، کە تێیدا شیکردنەوە بۆ ئەو داتا و زانیاریانە کراوە پەیوەندییان بەگەشەی دانیشتوانەوە هەیە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

## کێشەکانی لێکۆڵینەوەکە:

1-زیادبونی سروشتی کاریگەری هەبوە لەسەر گەشەی دانیشتوان لە قەزای کەلار؟

2- بارودۆخی سیاسی و ئابوری ڕۆڵی هەبوە لە زیادبونی گەشەی دانیشتوانی قەزای کەلار؟

3 -شوێنی جوگرافی قەزای کەلار یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی گەشەی دانیشتوان؟

## گریمانەکانی لێکۆڵینەوەکە:

1 -بێگومان زیادبونی سروشتی کاریگەری هەبوە لەسەر گەشەی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

2 - ژمارەی دانیشتوانی قەزای کەلار بەهۆی باردۆخی سیاسی و ئابورییەوە بەرزبونەوەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە.

3 -شوێنی جوگرافی قەزای کەلار ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە گەشەی دانیشتوان، چونکە لە باشورەوە ناوچەی پێکەوەبەستنی هەرێمە بە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراقەوە.

گرنگی لێکۆڵینەوەکە: شیکردنەوەی گەشەی دانیشتوانی قەزای کەلار و فاکتەرەکانی گەشەی دانیشتوانی قەزاکە لە داهاتودا، لە پێناو دابینکردنی پێداویستی دانیشتوان بەشێوەی هاوچەرخ و سەردەمیانە.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: خستنەڕوی گەشەی دانیشتوانی قەزای کەلار لە ماوەی ساڵانی (1977 – 2022)، ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان ئەو فاکتەرانەی کاریگەری هەیە لە سەر گەشەی دانیشتوان.


میتۆدی لێکۆڵینەوەکە: لەم لێکۆڵینەوەدا میتۆدی (ئیستنباتی و هەردو شێوازی بەراوردکاری و شیکاری) بەکارهاتوە، هەروەها لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو داتا و زانیاریانەی لە دامودەزگا حکومییەکان بە دەستکەوتون، پاشان بەکارهێنانی ئەو داتا و زانیاریانە بە شێوەی خشتە.

## سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە:

قەزای کەلار لەڕوی شوێنی جوگرافییەوە یەکێکە لە قەزا گرنگەکانی پارێزگای سلێمانی، لە سنوری ئیدارەی گەرمیان، کەوتوەتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی عێراقەوە، سنوری کارگێڕی قەزای کەلار لە

خۆرئاوا و باشوری خۆرئاواوە هەردو ناحیەی سەرقەڵا و ناحیەی کۆکس (کوڵەجۆ)یە، کە لەڕوی کارگێڕییەوە سەر بە قەزای کفرین، ڕوباری سیروان لە ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵات وەك سنورێکی سروشتی جیایدەکاتەوە لە قەزای خانەقین، لە کاتێکدا باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی هاوسنورە لەگەڵ هەردو قەزای دەربەندیخان و قەرەداغ، کە لەڕوی کارگێڕییەوە سەربە پارێزگای سلێمانین، لە باکوری خۆرئاواوە ناحیەی سەنگاو و قادرکەرەم کە لەڕوی کارگێڕییەوە سەربە قەزای چەمچەماڵن. لەڕوی ئەسترۆنۆمییەوە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە نێوان هەردو بازنەی پانی (0″ 10″ 35̊) و (0″ 10″ 35̊)ی باکور و هەردو هێڵی درێژی (0″ 10″ 45̊) و (0″ 10″ 45̊) ڕۆژهەڵات، ئەمەش وایکردوە کە ئاووهەوای قەزای کەلار سیفەتی کیشوەری هەبێت، بەم پێیەش ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە ناوچەی نیمچە شاخاوی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە بڕوانە نەخشەی ژمارە (1) .

نەخشەی ژمارە (1)
شوێنی قەزای کەلار بەگوێرەی هەرێمی کوردستان و عێراق




سەرچاوە: پشت بەست بە: زانیارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان، بەشی نەخشەسازی، قەزای کەلار، 2023.

## تەوەری یەکەم: زیادبونی سروشتی

## یەکەم: ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان:

ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان بە ڕەگەزێکی گرنگ دادەنرێت کاریگەری هەیە لە سەر گەشەی دانیشتوان، مەبەست لە ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان جیاوازی نێوان ژمارەی لەدایکبون و مردن لە ماوەیەکی دیاریکراودا، چونکە کۆمەڵگای دانیشتوان بەوە دەناسرێت کە سروشتێکی داینەمیکی هەیە، بەهۆی جموجۆڵە بەردەوامەی لە زیادبون یان کەمبونی دانیشتوانی لێدەکەوێتەوە.(زینی، 1980، 149) هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دانیشتوان وەکو جەستەیەکی زیندو وایە لە گۆڕانی بەردەوامدایە، بەهۆی لەدایکبون و مردنەوە ژمارەی دانیشتوان زیادوکەم دەکات.(غلاب و عبدالحکیم، 1978، 30) زیادبونی سروشتی بە ڕەگەزێکی گرنگی گەشەی دانیشتوان دادەنرێت و لە ئەنجامی جیاوازی نێوان ژمارەی لەدایکبون و مردن زیادبونی سروشتیمان بۆ دەردەکەوێت لە خوارەوە بەجیا باس لە هەریەك لەدایکبون و مردن دەکەین:

**1- لەدایکبون:** لەدایکبون هۆی سروشتی زیادبونی دانیشتوانە هەربۆیە بە ڕەگەزێکی گرنگ و بنەڕەتی دادەنرێت، کە کاریگەری بەرچاوی هەیە لە سەر گەشەی دانیشتوان، چونکە بونی جیاوازی لە ژمارەی لەدایکبون هۆکارێکی گرنگە و دەبێتەهۆی جیاوازی گەشەی دانیشتوان.(الخفاف، 1986، 79) بەرلەوەی باسی لەدایکبون بکەین لە ناوچەی لێکۆڵینەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین داتاکانی لەدایکبون لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کەموکوڕی تێدایە هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ:

1- نەبونی یاسایەکی توند کە هاووڵاتیان ناچاربکات لەدایکبون تۆماربکەن.

2- دانیشتوان بە تایبەت گوندنشینان هەست بە گرنگی تۆمارکردنی لەدایکبون ناکەن، کەمتر گرنگی پێدەدەن.

3-مردنی منداڵان لە سەرەتای تەمەنیاندا دەبێتە مایەی تۆمارنەکردنیان. (ئەنوەر، 2022، 39)

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناچارین پشتیان پێ ببەستین، چونکە داتایترمان لەبەردەست نییە بەمەبەستی زانینی ڕێژەی لەدایکبون هاوکێشەی ڕێژەی گشتی لەدایکبون بەکاردەهێنین بەم شێوەی خوارەوە:

ڕێژەی گشتی لەدایکبون = ژمارەی لەدایکبوانی ساڵێك ÷ ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵ × 1000 (سهاونە، سمحە، 2003، 14).

بەسەرنج دان لە خشتەی ژمارە (1) بۆمان ڕون دەبێتەوە لە ماوەی ساڵانی (2010 - 2022) تێکڕای لە دایکبون لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (19.4) بوە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاوازە و بەرزو نزمی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بە جۆرێك بەرزترین ڕێژەی لە دایکبون لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی (2011)دا بوە، کە ڕێژەکەی لە هەزاردا (27.2) بوە، بەرزی ئەو ڕێژەیەش بۆ جێگیربونی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتییان لەڕوی ئابورییەوە دەگەڕێتەوە، هەروەها ساڵی (2020) ڕێژەی لەدایکبون (13.8) لە هەزاردا بوە، ئەمەش نزمترین ڕێژەی لەدایکبونە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، هۆکاری نزمی ڕێژەی لە دایکبون لەم ساڵەدا دەگەڕێتەوە بۆ بونی ڤایرۆسی کرۆنا، هەروەها ساڵی (2010) ڕێژەی لەدایکبون (25.9) بوە بەڵام ڕێژەکەی (23.5) بوە لە ساڵی (2012) نزمی ئەم ڕێژەیەش بۆ ئەگەری تۆمارنەکردنی بەشێکی تازە لەدایکبوان بێت لەم ساڵەدا، کەچی ساڵی (2013) ڕێژەکەی (26.3) بوە، هەروەها ڕێژەی (22.2) بوە لە ساڵی (2014)، بەڵام لە ساڵی (2015) ڕێژەکەی بوە بە (15.7) هۆکاری نزمبونەوەی ڕێژەی لەدایکبوان بۆ دروستبونی قەیرانی دارایی دەگەڕێتەوە، هەروەها ساڵی (2016) ڕێژەکەی بوە بە (20.3) کەچی ساڵی (2017) ڕێژەکەی (15.7) بوە، بەڵام ساڵی (2018) ڕێژەکەی بوە بە (16.3)، هەروەها ڕێژەکەی (14.9) بوە لە ساڵی (2019)، کەچی ساڵی (2021) ڕێژەکەی (14.5) بوە ساڵی (2022) ڕێژەکەی (15.7) بوە. شایانی ئاماژەپێکردنە چەند هۆکارێك کاردەکاتە سەر لەدایکبون و جیاوازی ڕێژەکەی گرنگترینیان:

خشتەی ژمارە (1)

ژمارە و ڕێژەی لەدایکبوان لە قەزای کەلار لە نێوان ساڵانی (2010 – 2022 )

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵدا | ژمارەی لەدایکبووان | ڕێژەی لەدایکبووان لە هەزاردا |
|---|---|---|---|---|
| 2010 | 173039 | 171951 | 4460 | 25.9 |
| 2011 | 177998 | 175519 | 4781 | 27.2 |
| 2012 | 182355 | 180177 | 4230 | 23.5 |
| 2013 | 185355 | 183855 | 4834 | 26.3 |
| 2014 | 189760 | 187558 | 4167 | 22.2 |
| 2015 | 195322 | 192541 | 3018 | 15.7 |
| 2016 | 203044 | 199183 | 4050 | 20.3 |
| 2017 | 207933 | 205489 | 3219 | 15.7 |
| 2018 | 211993 | 209963 | 3418 | 16.3 |
| 2019 | 216228 | 214111 | 3197 | 14.9 |
| 2020 | 221307 | 218768 | 3024 | 13.8 |
| 2021 | 224508 | 222908 | 3224 | 14.5 |
| 2022 | 229644 | 227076 | 3569 | 15.7 |
| تێکڕا | | | | 19.4 |

سەرچاوە: کاری توێژەران: پشت بەست بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان، 2023، داتای بڵاونەکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گەرمیان، 2023، داتای بڵاونەکراوە.

* ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵدا دەرهێنراوە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ژمارەی دانیشتوان هەر ساڵێك لەگەڵ ساڵێك پێشخۆی و دابەشکردنی بە سەر دوودا. (ئەنوەر، 2022، 56)

**أ- ژنهێنان و شوکردنی پێشوەختە:** ژنهێنان و شوکردنی پێشوەختە یەکێکە لە هۆکارەکانی بەرزبونەوەی ڕێژەی لەدایکبون، چونکە تاماوەی هاوسەرگیری زیاتر بێت ڕێژەی لەدایکبون زیاتر دەبێت، بەشێوەیەکی گشتی تەمەنی شوکردن لە (14) ساڵیەوە دەست پێدەکات و ماوەی سککردن لە نێوان (14 – 49) ساڵیدایە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری لە تەمەنێکی زۆردا ئەگەری خستنەوەی منداڵی زۆر دەبێت، چونکە مێینە هەلی منداڵبونی زیاتر دەبێت. (خەسباك، 1999، 26)

ئەم تێکڕایەش دابەشدەبێت بۆ سێ جۆر یەکەم: تێکڕای لەدایکبون بەرزدەبێت ئەگەر ڕێژەکە (30) لە هەزاردا زیاتر بو، دوەم: تێکڕای لەدایکبون مامناوەند دەبێت ئەگەر ڕێژەکە (20 – 30) لە هەزاردا بو، سێیەم: تێکڕای لە دایکبون نزم دەبێت ئەگەر ڕێژەکەی لە (20) لە هەزار کەمتر بو. بەسەرنج دان لە خشتەی (2) و شێوەی ژمارە (1) بۆمان ڕوندەبێتەوە لە ماوەی (2010 – 2022) پرۆسەی هاوسەرگیری پرۆسەیەکی بەردەوام بوە و لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکیتر گۆڕانی بەسەردا هاتوە. بەجۆرێك بەرزترین ڕێژە لە ساڵی (2013)دا بوە بە ڕێژەی (30،3) لە هەزاردا، بەرزی ئەم ڕێژەیەش لەم ساڵەدا بۆ جێگیربونی ژیانی هاووڵاتیان دەگەڕێتەوە لە ڕوی ئابوری و سیاسییەوە، کەچی نزمترین ڕێژە لە ساڵی (2021) بوە ڕێژەکەی (10،2) لە هەزاردا بوە، هۆکاری نزمی ئەم ڕێژەیە لەم ساڵەدا بۆ بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کرۆنا دەگەڕێتەوە، هەروەها ساڵی (2010) ڕێژەکەی (27.8) بوە لە هەزاردا، بەڵام ساڵی (2011) ڕێژەکەی (28.3)بوە لە هەزاردا کەچی ساڵی (2012) ڕێژەکەی بوە بە (23.4) لە هەزاردا هەروەها ڕێژەکەی (26.7) بوە لە هەزاردا لە ساڵی (2014)دا بەڵام لە ساڵی (2015)دا

ڕێژەکەی بوە بە (19.7) لە هەزاردا هەروەها ساڵی (2016) ڕێژەکەی بوە بە (15.9) لە هەزاردا و لە ساڵی (2017) ڕێژەکەی بوە (14.5) لە هەزاردا، کەچی ساڵی (2018) ڕێژەکەی بوە بە (12.5) لەهەزاردا و لەساڵی (2019) ڕێژەکەی (12.6) بوە لە هەزاردا بەڵام لە ساڵی (2020)دا ڕێژەکەی بوە بە (11.5) لە هەزاردا هەروەها ڕێژەکەی (12) بوە لە هەزاردا لە ساڵی (2022).

خشتەی ژمارە (2)

ژمارە و ڕێژەی هاوسەرگیری لە قەزای کەلار لە نێوان ساڵانی (2010 – 2022)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵ | ژمارەی هاوسەرگیری | ڕێژە | ژمارەی جیابونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|
| 2010 | 171951 | 4789 | 27.8 | 1238 | 7.1 |
| 2011 | 175519 | 4978 | 28.3 | 1176 | 6.7 |
| 2012 | 180177 | 4232 | 23.4 | 9821 | 5.4 |
| 2013 | 183855 | 5586 | 30.3 | 1009 | 5.4 |
| 2014 | 187558 | 5021 | 26.7 | 911 | 4.8 |
| 2015 | 192541 | 3808 | 19.7 | 891 | 4.6 |
| 2016 | 199183 | 3170 | 15.9 | 769 | 3.8 |
| 2017 | 205489 | 2987 | 14.5 | 879 | 4.2 |
| 2018 | 209963 | 2636 | 12.5 | 632 | 3 |
| 2019 | 214111 | 2711 | 12.6 | 761 | 3.5 |
| 2020 | 218768 | 2519 | 11.5 | 578 | 2.6 |
| 2021 | 222908 | 2285 | 10.2 | 609 | 2.7 |
| 2022 | 227076 | 2746 | 12 | 799 | 3.5 |
| تێکڕا | | | 18.8 | | 4.4 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی داد، سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی کەرکوك – گەرمیان، بەشی ئامار، 2023، داتای بڵاونەکراوە.


حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان، بەشی ئامار، 2023، داتای بڵاونەکراوە.

* ڕێژەی گشتی هاوسەرگیری دەرهێنراوە بە ڕێژەی گشتی هاوسەرگیری = ژمارەی هاوسەرگیری لە ساڵێکدا ÷ ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵدا × 1000. (ئەنوەر، 2022، 46)

* ڕێژەی گشتی جیابونەوە دەرهێنراوە بە ڕێژەی گشتی جیابونەوە = ژمارەی جیابونەوە لە ساڵێکدا ÷ ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵدا × 1000. (ئەنوەر، 2022، 46)

شێوەی ژمارە (1)

ژمارە و ڕێژەی هاوسەرگیری و جیابونەوە لە قەزای کەلار لە نێوان ساڵانی (2010 – 2022)




سەرچاوە: هەمان سەرچاوەی خشتەی ژمارە (2)

**ب- ڕێژەی پیتی:** پیتی زاراوەیەکە بۆ پرۆسەی سکردن بۆ هەر کۆمەڵگەیەکی دانیشتوان بەکاردەهێنرێت بە ژمارەی لەدایکبونی زیندو دەخرێتە پێش چاو (غفور، 2011، 44) بەرزی ڕێژەی مێینە لە تەمنی منداڵبوندا هۆکاری سەرەکی بەرزیی ڕێژەی لەدایکبونە.( تالب، 1999، 67) لە زۆربەی کۆمەڵگاکان زیاتر گەنجان منداڵ دەخەنەوە بە تایبەت بۆ مێینە کاریگەری زۆری لە سەر ژمارەی منداڵبون لە ماوەی زاوزێدا هەیە، چونکە ماوەیەکی زیاتر مێینە هەلی منداڵبونی بۆ دەرەخسێت. بەڕای زۆر لە توێژەرانی دیمۆگرافیا هاوسەرگیری لە تەمەنی 18 ساڵیدا دوهێندەی هاوسەرگیری لە تەمەنی 28 ساڵی منداڵی لێدەکەوێتەوە، بۆ هەژمارکردنی ڕێژەی پیتداری لەلای ژنان لە نێوان (15 – 29) ساڵی دایە.(محمد، 2002، 99)

**ج- هۆکاری ئاینی:** هۆکاری ئاینی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەسەر بەرزی ڕێژەی لە دایکبون، چونکە ئاینی ئیسلام هانی ژنهێنان و منداڵبون دەدات، لە ئیسلامدا منداڵ خۆشەویستە و ڕێگری لە باربردنی دەکات و بە کوشتنی نەفسی لە قەڵەم دەدات، هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێدەکات و دەفەرموێت: (ولا تقتلوا أولادكم خشيه املاق نحن نرزقهم واياكم ان قتلهم كان خطا كبيرا). (قران كريم، سوره الاسراء، 31)

**د- هۆکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی:** لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە ئەو خێزانانەی کە ژمارەی منداڵیان زۆر بێت بە تایبەت لە گوندەکاندا ئەوا پێگەیەکی گرنگیان هەیە لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی لە کۆمەڵگای گوندنشیندا زۆری ژمارەی منداڵ گرنگی خۆی هەیە لە بواری کشتوکاڵیدا، کاریگەری ئەم فاکتەرە تەنها گوندەکان ناگرێتەوە بەڵکو شارەکانیش دەگرێتەوە.(محمد، 1999، 101) لەلایەکی ترەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا گەر کوڕ و کچ گەیشتنە قۆناغی هاوسەرگیری و کەموکوڕی بەرچاویان نەبو، بەڵام هاوسەرگیرییان ئەنجامنەدا، ئەوا لێکدانەوە و قسەی جۆراوجۆریان لە سەر دەکرێت. (غەفور، 2011، 85) ئەوەش کوڕ و کچ ناچار دەکات کە زو بیر لە هاوسەرگیری بکەنەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی تەڵاقدان لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا بە کارێکی ناشرین و بێ مروەتانە دادەنرێت.(خەصباك، 1999، 28) لەمەوە دەردەکەوێت کە هۆکاری کۆمەڵایەتی کاریگەری هەیە لە سەر زو پێکهێنانی خێزان و بەرزی ڕێژەی لە دایکبون ئەم دیاردەش وەك سەرجەم بەشەکانی هەرێمی کوردستان لە قەزای کەلاریش بەدیدەکرێت.

**2- مردن:** مردن ڕەگەزێکی گرنگی گۆڕانی دانیشتوان دادەنرێت، چونکە لە دایکبون هۆکاری زیادبونی سروشتییە، بەڵام مردن هۆکاری کەمبونەوەی سروشتیە، بە واتایەکی تر مردن بە تەواوکەری لەدایکبون دادەنرێت و گرنگی زۆری هەیە لە توێژینەوەکانی دانیشتواندا و بەبێ زانینی تێکڕایی مردن ناتوانرێت گەشەوگۆڕانی دانیشتوان بزانرێت، چونکە جیاوازی نێوان لەدایکبون و مردن پێی دەگوترێت تێکڕای گەشەی سروشتی دانیشتوان، لێەردا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین داتاکانی مردنیش وەکو داتاکانی لەدایکبون کەموکورتی تێدایە بەهۆکاری:

1- زۆربەی حاڵەتەکانی مردن لە دەرەوەی نەخۆشخانەکان ڕودەدەن، ئەمەش هۆکارە بۆئەوەی تەنها ئەوانەی ناو نەخۆشخانەکان تۆمار بکرێت و ئەوانەی دەرەوە فەرامۆش بکرێت.

2- مردنی منداڵی تازە لەدایکبو بەرلەوەی بە لەدایکبو تۆماربکرێت ئەمەش وادەکا پێویست نەکات بە لەدایکبو تۆماربکرێت.

3- دواکەوتویی ئاستی ڕۆشنبیری، بەتایبەت دانیشتوانی گوندنشین کە درك بە گرنگی و بایەخی ئامارە ژیارییەکان ناکەن.

4- نەرمی نواندن و ئاسانکاری لە جێبەجێکردنی یاساکان و دادگایی نەکردنی ئەو کەسانەی سەرپێچی دەکەن.

بەمەبەستی زانینی تێکڕایی ڕێژەی مردن، سودمان لەم هاوکێشەیەی خوارەوە بینیوە:

ڕێژەی گشتی مردن = ژمارەی مردوانی تۆمارکراو لەساڵێکدا ÷ ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی هەمان ساڵ × 1000(سهاونە، سمحە، 2003، 14).

ئەگەر لە خشتەی (3) بڕوانین ڕێژەی مردن لە نێوان ساڵانی (2010 – 2022) دەردەکەوێت وەکو یەك نییە و بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی جیاوازە، بەجۆرێك بەرزترین ڕێژەی مردن لە ساڵی (2021) بوە بە ڕێژەی (3.8) لە هەزاردا، کەچی نزمترین ڕێژەی مردن لە ساڵی (2013) بوە و ڕێژەکەی (2) بوە لە هەزاردا، هەروەها ساڵی (2010) ڕێژەی مردن (3،7)بوە بەڵام لە ساڵی (2011) ڕێژەکەی بوە بە () هەروەها ڕێژەی مردن (2.3) بوە لە ساڵی (2012)، کەچی ساڵی (2014) ڕێژەکەی بوە بە (3.6) و لە ساڵی (2015) ڕێژەکەی بوە بە (3.3) هەروەها ساڵی (2016) ڕێژەکەی (2.7) بوە کەچی ڕێژەی مردن (2.5) بوە لە ساڵی (2017) هەروەها ساڵانی (2018 - 2019) هەمان ڕێژەیان بوە بە (2.6) بەڵام لە ساڵی (2020) ڕێژەکەی بوە بە (3.2) کەچی ڕێژەکەی (2.4) بوە لە ساڵی (2022).

خشتەی ژمارە (3)

ژمارە و ڕێژەی مردوان لە قەزای کەلار لە نێوان ساڵانی (2010 – 2022)

| ڕێژە | ژمارەی مردووان | ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | ساڵ |
|---|---|---|---|---|
| 3.7 | 635 | 171951 | 173039 | 2010 |
| 3.1 | 657 | 175519 | 177998 | 2011 |
| 2.3 | 409 | 180177 | 182355 | 2012 |
| 2 | 365 | 183855 | 185355 | 2013 |
| 3.6 | 677 | 187558 | 189760 | 2014 |
| 3.3 | 632 | 192541 | 195322 | 2015 |
| 2.7 | 537 | 199183 | 203044 | 2016 |
| 2.5 | 514 | 205489 | 207933 | 2017 |
| 2.6 | 547 | 209963 | 211993 | 2018 |
| 2.6 | 558 | 214111 | 216228 | 2019 |
| 3.2 | 702 | 218768 | 221307 | 2020 |
| 3.8 | 847 | 222908 | 224508 | 2021 |
| 2.4 | 554 | 227076 | 229644 | 2022 |
| 2.4 | | | | تێکڕا |

سەرچاوە: کاری توێژەران: پشت بەست بە:
خشتەی ژمارە (1)
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گەرمیان، 2023، داتای بڵاونەکراوە.

## دووەم: زیادبونی سروشتی و کاریگەری لەسەر گەشەی دانیشتوان:

زیادبونی سروشتی بریتییە لە جیاوازی نێوان تێکڕای لەدایکبون و مردن، ئەمەش لە ئەنجامی دەرکردنی ژمارەی مردوان لە ژمارەی لەدایکبوان زیادبونی سروشتیمان دەست بکەوێت، ئەمە وێڕای ئەوەی زیادبونی سروشتی بەڕەگەزێکی گرنگی گەشە و زیادبونی ژمارەی دانیشتوان دادەنرێت.

بەسەرنج دان لە خشتەی ژمارە (4) و شێوەی ژمارە (2) بۆمان دەردەکەوێت تێکڕای زیادبونی سروشتی لە قەزای کەلار لە ماوەی ساڵانی (2010 – 2022) بەرزونزمی بەخۆیەوە بینیوە، بەجۆرێك بەرزترین ڕێژەی زیادبونی سروشتی لە ساڵی (2013) بە ڕێژەی (24.3) بوە لە هەزاردا، بەرزی ئەم ڕێژەیەش بۆ بەرزی ڕێژەی لەدایکبوان لەو ساڵەدا دەگەڕێتەوە بۆ جێگیربونی باروگوزەرانی هاوولاتیان لەڕوی ئابوری و سیاسییەوە، کەچی نزمترین ڕێژە بۆ هەمان ماوە لە ساڵی (2020) بوە بە ڕێژەی (10.6) لە هەزاردا، هەروەها ساڵی (2010) ڕێژەی (22.2) بوە لە هەزاردا، بەڵام ڕێژەی (24.1) لە هەزاردا بوە لە ساڵی (2011)، هەروەها لە ساڵی (2012)دا ڕێژەی (21.2) بوە لە هەزاردا، کەچی ساڵی (2014) ڕێژەکەی (18.6) لە هەزاردا بوە، بەڵام ڕێژەکەی (12.4) بوە لە هەزاردا لە ساڵی (2015)، هەروەها ساڵی (2016) ڕێژەکەی (17.6) بوە لە هەزاردا، بەڵام ساڵی (2017) ڕێژەکەی بوە بە (13.2) لە هەزاردا، هەروەها ساڵی (2018) ڕێژەکەی (13.7) بوە لە هەزاردا کەچی ساڵی (2019) ڕێژەکەی (12.3) بوە لە هەزاردا هەروەها ساڵی (2021) ڕێژەکەی بوەتە (10.7) لە هەزاردا کەچی ڕێژەکەی (12.9) لە هەزاردا بوە لە ساڵی (2022). لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت زیادبونی سروشتی لە قەزای کەلار لە ڕیزی ئەو وڵاتانەیە کە ڕێژەی زیادبونی سروشتیان مامناوەندە، چونکە ڕێژەی زیادبونی سروشتی لەو وڵاتانەدا لە نێوان (1 – 20) لە هەزاردایە. (محمود، 2011، 66) واتە زیادبونی سروشتی کاریگەری هەبوە لە سەر گەشەی دانیشتوان لە قەزای کەلار.


خشتەی (4)
زیادبونی سروشتی لە قەزای کەلار لە ماوەی ساڵانی (2010 – 2022)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵ | ژمارەی مردووان | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| 2010 | 173039 | 171951 | 635 | 3.7 |
| 2011 | 177998 | 175519 | 657 | 3.1 |
| 2012 | 182355 | 180177 | 409 | 2.3 |
| 2013 | 185355 | 183855 | 365 | 2 |
| 2014 | 189760 | 187558 | 677 | 3.6 |
| 2015 | 195322 | 192541 | 632 | 3.3 |
| 2016 | 203044 | 199183 | 537 | 2.7 |
| 2017 | 207933 | 205489 | 514 | 2.5 |
| 2018 | 211993 | 209963 | 547 | 2.6 |
| 2019 | 216228 | 214111 | 558 | 2.6 |
| 2020 | 221307 | 218768 | 702 | 3.2 |
| 2021 | 224508 | 222908 | 847 | 3.8 |
| 2022 | 229644 | 227076 | 554 | 2.4 |
| تێکڕا | | | | 2.4 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە: خشتەکانی ژمارە (1) و (3)

شێوەی ژمارە (2)

زیادبونی سروشتی لە قەزای کەلار لە نێوان ساڵانی (2010 – 2022)




سەرچاوە: هەمان سەرچاوەی خشتەی ژمارە (4)

## تەوەری دوەم: گەشەی دانیشتوان لە قەزای کەلار لە ماوەی نێوان ساڵانی 1977 – 2022

گەشەی دانیشتوان بەیەکێك لە دیاردە جوگرافییە گرنگەکان دادەنرێت لەسەردەمی نوێدا، چونکە کێشەیەکی گەورەیە بۆ مرۆڤایەتی بەتایبەتی وڵاتە تازە گەشەکردوەکاندا کە تیایاندا ژمارەی دانیشتوان بە تێکڕایەك زیاددەکەن کە زۆر زیاترە لە تێکرای گەشەی ئابوری و دابینکردنی خۆراك بۆ دانیشتوانەکەی. گەشەی دانیشتوان پەیوەستە بە زیادبونی سروشتی دانیشتوانەوە، کە جیاوازی نێوان لە دایکبون و مردن بە لەبەرچاوگرتنی کۆچ، (السعدی، 2002، 219). هەر بۆیە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەبینین دانیشتوانی جیهان بە قۆناغێکی دیمۆگرافی جیاوازدا تێدەپەڕێت، (حسن، 2008، 52). ئاشکرایە کە ئەم قۆناغەش خۆی لە خێرایی گەشەو ڕێژەیی ژمارەی دانیشتواندا دەبینێتەوە کە ڕەنگدانەوەی گەورەی لەسەر ڕەهەندی گۆڕانکارییە جیاوازەکانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکان هەیە، (عزیز، السعدی، 1984، 245). کەواتە گەشەی دانیشتوان دیاردەیەك نییە تەنها ڕەهەندێکی دیاریکراوی کۆمەڵگاکان بگرێتەوە، بەڵکو چەندین ڕەهەندی پێکەوە بەستراو لەگەڵ تاك و ژینگەدا دەگرێتەوە، (سهاونە، 1982، 117). لەم تەوەرەدا بە دو قۆناغ باسی گەشەی دانیشتوان لە قەزای کەلار لە ماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوە دەکەین:

### أ- قۆناغی یەکەم لە نێوان ساڵانی (1977 – 2002)

دوای ئەوەی لە ڕێکەوتی (28 / شوباتی / 1970)دا بە مەرسومی کۆماریی ژمارە (159) قەزای کەلار دروستکرا و خودی شارەکە کرا بە ناوەندی قەزا و سەر بە پارێزگای کەرکوك بو، بەسەرنجدان لە پاشکۆی ژمارە (1)، لەخشتەی ژمارە (5)دا، ئەوە ڕون دەبێتەوە کە ژمارەی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە بە شێوەیەکی بەرچاو زیاددەکات، بەجۆرێك کە لەسەرژمێری ساڵی (1977)دا، ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی قەزا (18544) کەس بوە کەچی ساڵی (2002) گەیشتوەتە

(102613)كەس، هەروەها ناحییەی تیلەكۆ(ڕزگاری) لە ساڵی (1977) ژمارەی دانیشتوانی (7613) بوە بەڵام ئەم ژمارەیە بەرزبوەتەوە بۆ (27029)كەس، هەروەها ناحییەی پێباز لە هەمان ماوە ژمارەی دانیشتوان (71435)كەس بوە، كەچی لە ساڵی (2002) ژمارەی دانیشتوانی گەیشتۆتە (11444)كەس، ئەم زیادبونە لە ڕێژەیی گەشەی گشتی دانیشتوان سروشتی نەبوە، بەڵكو دەرئەنجامی بارودۆخێكی نالەباری سیاسی و سەربازی كارگێڕییەوە بوە، كە ڕژێمی پێشوی عێراق لە ساڵی (1975) لە ناوچەكانی كوردستان پەیڕەوی دەكرد، بەتایبەتی لە ناوچەكانی گەرمیان. وەك كۆچپێكردنی بەزۆری دانیشتوانی گوندنشینانی قەزایی خانەقین و نیشتەجێكردنیان لە شاری كەلار دروستكردنی گەڕەكی زۆرە ملێ بۆیان وەك گەڕەكەكانی (حەمەی كەریم، گازینۆ، پێنج سەدماڵەكە، بەردەسور)، كە ئێستا ئەم گەڕەكانە بونەتە بەشێك لە ناوەندی قەزا و ژمارەیەكی زۆری دانیشتوانی ناوەند پێكدێنن (مینە، 1999، 200).

خشتەی ژمارە (5)
ژمارەی دانیشتوانی قەزای كەلار و یەكە كارگێڕییەكانی لە ماوەی ساڵانی (1977 – 2022)

| ساڵ | 1977 | 2002 | 2022 |
|---|---|---|---|
| یەكەی كارگێڕی | ژ دانیشتوان | ژ دانیشتوان | ژ دانیشتوان |
| ناوەندی قەزا | 18544 | 102613 | 173172 |
| ناحیەی ڕزگاری | 7613 | 27029 | 44176 |
| ناحیەی پێباز | 11438 | 11444 | 9142 |
| ناحیەی شێخ تەویل | | | 3152 |
| قەزا | 37595 | 141086 | 229644 |
| پارێزگا | 690557 | 1626435 | 2268050 |

سەرچاوە: كاری توێژەران پشت بەست بە:
حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاماری سلێمانی، (2023)، داتای بڵاونەكراوە.
حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاماری گەرمیان، (2023)، داتای بڵاونەكراوە.

ئەمە جگە لە جەنگی نێوان عێراق و ئێران ساڵی (1980 – 1988)دا ژمارەیەكی زۆر دانیشتوانی قەزاكانی خانەقین و دەربەندیخان ناچار كرد ڕو لەم ناوچەیە بكەن و تێیدا نیشتەجێبون، (محمدعلی، 2000، 65). هەمو ئەمانەش هاوكات بو لەگەڵ چۆڵكردنی گوندەكانی دەوروبەری قەزای كەلار و كفری و ناحیەكانی كۆكس و جەبارە و قەرەتەپە و ڕاگوێزانیان بۆ كۆمەڵگای زۆرەملێی (صمود). (حاجی حمید، 2019، 91).

## ب_ قۆناغی دوەم لە نێوان ساڵانی (2002 – 2022)

پاش ڕوخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لە نیسانی ساڵی (2003)دا، قۆناغێكی نوێ لە ژیانی (ئابوری و سیاسی و كۆمەڵایەتی) لە عێراقدا هاتە كایەوە. ناوچەكانی گەرمیان بەگشتی و قەزای كەلار بە تایبەتی بەدەرنەبون لەو گۆڕانكارییە سیاسییەی كە لە عێراق دا ڕویدا. لە كاتێكدا لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕژێمی پێشو هاتوچۆ و پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ناوچەكانی ناوەڕاست و باشوری عێراقدا زۆر سنورداربوە، بەڵام لە پاش ڕوخانی ڕژێمی پێشو لە ساڵی (2003) سنورەكان واڵابون و پەیوەندییەكان ئاسایی بونەوە، جگە لە ئاسایی بونەوەی پەیوەندییەكان لەگەڵ كۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگای مەرزی پەروێزخان لەلایەك

و لەلایەکیترەوە لە نێوان هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراق، شاری کەلار لە ساڵی 2008 بەبڕیاری حکومەتی هەرێم کە کرا بەناوەندی ئیدارەی گەرمیان حکومەتی هەرێم هاوشێوەی پارێزگا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، ئەم گۆڕانکارییە کارگێڕی و ڕامیاریانە هۆکار گەلێك بون بۆ ئەوەی قەزای کەلار بەسود وەرگرتن لە پێگە جوگرافیەکەی وەکو سەنتەرێکی بازرگانی گرنگ دەربکەوێت. سەرەڕای تێکچونی بارودۆخی ئەمنی لە ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق بەتایبەت لە ساڵانی (2006 – 2007)، بەهۆی داگیرکردنی بەشێکی زۆری خاکی عێراق لەلایەن (داعش)وە لە ساڵانی (2014- 2018)، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق ڕویان لە قەزای کەلار کرد و تێیدا نیشتەجێبون، هەریەك لەم هۆکارانە کاریگەری ڕاستەخۆی هەبو لە سەر زیادبونی ژمارەی دانیشتوان. بەسەرنج دان لە خشتەی ژمارە (6) بۆمان ڕون دەبێتەوە گەشەی دانیشتوانی قەزای کەلار لە نێوان ساڵانی (1977 – 2002) ڕێژەکەی (5.4) بوە ئەمە لە کاتێکدا پارێزگای سلێمانی (3.5) بوە، هەروەها لە نێوان ساڵانی (2002 – 2022) ڕێژەی گەشە لە قەزای کەلار (3.7) بوە لە هەمان کاتدا پارێزگای سلێمانی (2.4) بوە، هەروەها گەشەی دانیشتوان لە نێوان ساڵانی (1977 – 2022) لە قەزای کەلار ڕێژەکەی (3.7) بوە کەچی بۆ هەمان ماوە پارێزگای سلێمانی (2.4) بوە.

خشتەی ژمارە (6)

ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی قەزای کەلار و پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی (1977 – 2022)

| پارێزگای سلێمانی | قەزای کەلار | ساڵ |
|---|---|---|
| 3,5 | 5,4 | 2002 – 1977 |
| 1,7 | 2,5 | 2022 – 2002 |
| 2,4 | 3,7 | 2022 1977 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە: خشتەی ژمارە (5)

$$r= \{ t \sqrt{\frac{p1}{p2}} - 1 \} \times 100$$

r = ڕێژەی گەشەی ساڵانە.

t = ژمارەی ساڵانەی نێوان دو سەرژمێر.

P1 = ژمارەی دانیشتوان لە دوایین سەرژمێری.

P2 = ژمارەی دانیشتوان لە سەرژمێری یەکەم.

بڕوانە .John .I .Clark .population Geography pross Oxford, 1972,p46

بەڵام لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان وەك لە خشتەی ژمارە (7) و شێوەی ژمارە (3)دا دەردەکەوێت، گەشەی دانیشتوان لە ماوەی ساڵانی (1977 – 2022)دا بەرزترین ڕێژە لە ناوەندی قەزادا تۆمارکراوە کە ئەویش (4.6٪)، هۆکاری ئەم ڕێژە بەرزەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و کارگێڕیانەی کە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کراوە، جگە لەمەش لە ناوەندی قەزا چەندین خزمەتگوزاری وەك: (تەندروستی، ئاو و ئاوەڕۆ، فێرکاری، پارکی حەوانەوە) بە شێوەیەکی باشتر دەردەکەوێت بە بەراورد لەگەڵ یەکە کارگێڕییەکانیتردا. نزمترین ڕێژەش لە ناحیەی پێباز بوە کە (-0.44٪) بوە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەنفالکردنی بەشێکی زۆری دانیشتوانی گوندنیشینانی ناحیەکە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەو گۆڕانکاریە ئیداریانە

دەگەڕێتەوە، كە لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) كۆمەڵێك لە گوندەكانی ناحییەكە خرانە سەر قەزای دەربەندیخان و دواتریش لە ساڵی (2004)دا ناحییەی شێخ تەویل لە سنوری ناحیەی پێباز پێكهێنرا.

خشتەی ژمارە (7)


ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لەسەر ئاستی یەكە كارگێڕییەكانی قەزای كەلارو پارێزگای سلێمانی لەنێوان ساڵانی(1977 – 2022)

| یەكە كارگێڕییەكان | 2002 – 1977 | 2022 – 2002 | 2022 – 1977 |
|---|---|---|---|
| ناوەندی قەزا | 7 | 2,6 | 4,6 |
| ناحییەی ڕزگاری | 5,2 | 2,5 | 3,5 |
| ناحییەی پێباز | 0,8 | 1,1 سالب | 0,44 سالب |
| ناحییەی شێخ تەویل | | | |
| قەزای كەلار | 5,4 | 3,2 | 3,7 |
| پارێزگای سلێمانی | 2,5 | 1,7 | 2,4 |

سەرچاوە: كاری توێژەران پشت بەست بە: خشتەی (5) و خشتەی ژمارە (6)

شێوەی ژمارە (3)

ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لەسەر ئاستی یەكە كارگێڕییەكانی قەزای كەلارو پارێزگای سلێمانی لەنێوان ساڵانی (2022 – 1977)




سەرچاوە: پشت بەست بە: هەمان سەرچاوەی خشتەی ژمارە (6)

## تەوەری سێیەم: فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر گەشەی دانیشتوان

**1- فاکتەری سروشتی:** فاکتەرە سروشتیەکان بنەما و کۆڵەکەیەکی بنچینەیین بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی شارەکان، بەشێوەیەك بەهۆی شوێن و پێگەوە شارەکان گەشەدەکەن و پێشدەکەون، لە هەمان کاتیشدا گوڕ دەدات بە گەشەکردن و پێشکەوتنی پرۆسەی شارنشینی(عبدالله، 2004، 54). شوێنی جوگرافی لە ژیانی شار و هەرێمەکاندا بەگرنگترین و کاریگەرترین هۆکاری سروشتی دادەنرێت، چونکە ڕەنگدانەوەی لە سەر پلاندانان و لە نەخشەکێشانی شار و هەرێم هەیە. هەر لە کۆنەوە تائێستا شوێن ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری لە ڕوی ئابوری و کۆمەڵایەتی و پێکهاتە مرۆیی و گۆڕانکاریە دیمۆگرافیەکان لە ژیانی دانیشتوانی شاردا گێڕاوە، بەتایبەتی لە ڕوی قەبارە و گەشە و دابەشبونی جوگرافی دانیشتوان، (زێباری، 2000، 300).

سەبارەت بەشوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەبینین کە خاوەنی چەندین خەسڵەت و تایبەتمەندیە کە لە چەندین لایەنەوە ڕەنگدانەوەی گەورەی هەبوە لەسەر شارەکە، بەتایبەتی لە ڕوانگەی پێشکەوتن و ئاوەدانی و گەشەکردنی دانیشتوانەوە، هەڵکەوتەی جوگرافی قەزاکە دەکەوێتە ناوچەیەکی دەشتایی بەپێی گەرمیانەوە کە دەوڵەمەندە بە ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی و تێپەڕبونی ڕوباری سیروان لە ڕۆژهەڵاتی قەزاکەوە ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە شیاوی پێکهاتەی جیۆلۆجی ناوچەکە بەشێوەیەك کە توانای لە خۆگرتنی ئاوی ژێرزەوی زۆری هەیە، تایبەتمەندییەکی دیکەی کە بوەتە هۆی زیاتر دەرکەوتنی بایەخ و گرنگی شوێنی جوگرافی قەزاکە هاوسنوربونیەتی لەگەڵ وڵاتی ئێران، ئەمە جگە لە نزیکی ناوەندی قەزاکە لە مەرزی پەروێزخانەوە، بێگومان هەمو ئەو خەسڵەتە سروشیانەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە تایبەت ناوەندی قەزا هۆکاری کاریگەر و یارمەتیدەربون بۆ سەر گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵی و لایەنی ئابوری و پرۆسەی بازرگانی و ڕاکێشانی دانیشتوان و چڕبونەوەی گەشەکردنی دانیشتوان.

**2- فاکتەری پیشەسازی و بازرگانی:** زۆربەی ئابوری ناسان لەو باوەڕەدان کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پیشەسازی یەکێکە لە هۆکارە کاریگەرەکانی گەشەسەندنی ئابوری لە ولاتاندا، چونکە پیشەسازی واتە هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنان و دەبێتەهۆی گەشەسەندن لە زەمینەی سروشتی و مرۆیی دا.

سەبارەت بە پیشەسازی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، دەبێت ئەوە بوترێت کە ڕژێمی بەعس ئەو هەلەی نەڕەخساندبو تا ناوچەکانی کوردستان ببنە مەڵبەندی گرنگ لە ڕوی پیشەسازییەوە و ژیانی خەڵکی و دانیشتوانەکەی پێیەوە بەندبێت، هەربۆیە هیچ پیشەسازییەکی قورس لە ناوچەکە بونی نەبوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتوانی ناوچەکە بەمەبەستی وەگەڕخستنی سەرمایەکانی خۆیان دەستیان بە دامەزراندنی چەندین کارگەی دروستکردنی بلۆک و کەرەستەکانی دیکەی بیناسازی وەک (لم و چەو) کردوە، بەو هۆیەشەوە ژمارەیەکی بەرچاو هەلی کاریان دابینکردوە بۆ کرێکاران و ڕۆڵێکی گەورەشیان گێڕاوە لە ئاوەدانکردنەوەی شاری کەلاردا.(حاجی حمید، 93)

لەلایەکی دیکەوە بە برەودان بە کەرتی پەلەوەر و دانانی دەیان کێڵگەی بەخێوکردنی پەلەوەر سەرەڕای دابینکردنی پێویستییەکانی بازاڕی ناوخۆیی ڕێژەیەکی بەرچاو لە بەرهەم هەناردەی ناوچەکانی دیکە بکات، بەگوێرەی ئامارێکیش کە لەلایەن دامەزراوەی (IGCO)ی ئەڵمانی ئەنجامدراوەو لە ساڵی ٢٠١٠ دا بەبۆنەی دانانی ماستەرپلانی شارەکەوە خراوەتەڕو، دەرکەوتوە کە زیاتر ١٨٪ی دانیشتوانی شاری کەلار سەرقاڵن بە کارکردن لە کەرتی پیشەسازی و ئەو کار و پیشانەی تایبەتن بە پیشەسازییەوە.(شاکەلی، 2016، 67 )

هەروەها لە بارەی بازرگانییەوە شاری کەلار لە هەر سەرەتای دروستبونیەوە چالاکی بازرگانی تێدابوە، هەرچەند سەرچاوەی ئەکادیمی لە بەردەست نیە کە ئەوە پشتڕاست بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فاکتەری بازرگانی یەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکانی گۆڕانی کەلار لە گوندەوە بۆ شار بوە، هەرچەند لەو کاتەدا کەلار سەرچاوەی بازرگانی دەرەکی نەبوە، بەڵام

بەهۆی بونی ڕێگا ستراتیژییەکانی بوەتە هۆی بەستنەوەی شارەکانی کفری – بەغداد و سلێمانی بەغداد و خانەقین – کفری، واتە هەر لەکۆنەوە کەلار کاروان سەرایەکی بازرگانی ناوچەکانی دەوروبەر بوە. (حاجی حمید،2019، 83)

لەلایەکی دیکەوە نزیکی قەزای کەلار لەمەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخانەوە یەکێکی دیکەیە لە فاکتەرەکانی گەشەی دانیشتوان لە قەزاکەدا کە بەهۆی ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە نزیکەی هەزار بازرگانی سنورەکە سەرقاڵی بازرگانیکردنن و زیاتر لە ٢٧٠٠ هێڵی بارهەڵگر مۆڵەتی کارکردنیان لە مەزرەکە هەیە و ژمارەیەکی زۆریش بە کۆڵبەری و کرێکارییەوە سەرقاڵن, جیا لەوانەش لە ئێستادا کەلار گەورەترین مەڵبەندی بازرگانییە لە سنورەکە و ڕۆژانە دانیشتوانی شار و ناوچەکانی دەوروبەری کەلار بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانیان ڕودەکەنە ناوەندە بازرگانییەکانی کەلار. (باجەڵان، 2011, 51-52)

**3- فاکتەری کارگێڕی و سیاسی:** دوای ئەوەی بە مەرسومی کۆماری ژمارە (١٥٩) لە بەرواری (٢٨-٢-١٩٧٠) قەزای کەلار لەچوارچێوەی پارێزگای کەرکوکدا پێکهێنرا و شاری کەلار بە ناوەندی قەزاکە دیاریکرا، بەهۆی کاریگەرییەکانی بەقەزابونییەوە شاری کەلار لە ڕوی دانیشتوانەوە دەستی بە گەشەیەکی لەسەرخۆ کرد و کردنەوەی دام و دەزگا ئیداری و کارگێڕییەکان و دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەر بۆ یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە وایکرد ڕێژەیەکی بەرچاوی خەڵکی خاوەن بڕوانامە و شارەزا لە ناوچە جیاجیاکانەوە ڕوبکەنە شارەکە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شارەکە بەرەو فراوانبون بچێت.

هەروەها فاکتەری سیاسی ڕۆڵی گرنگی هەبو لە گەشەی دانیشتوانی شاری کەلاردا و لە ساڵی ١٩٧٥ز دا بەمەرامی سیاسی نزیکەی ١٦٠٠ خێزانی دانیشتوی ناوچەکانی دەوروبەری قەزای خانەقین بەزۆر کۆچپێکران بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێیەکانی (حەمەی کەریم، بەردەسور، گازینۆ، پێنج سەد ماڵەکە) کە ئێستا بەشێکن لەگەڕەکەکانی شاری کەلار و دانیشتوانەکەی.(شاکەلی، 2016، 57)

دوای ڕوخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانییەوە لەساڵی 2003دا، قەزای کەلار توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوك لە دەربەندیخان، بۆ چارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێك لە ڕۆژی 2006/8/6 ئیدارەی گەرمیانی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لە پێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو ڕوەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بەخشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە. لەئێستاشدا، ئیدارەی گەرمیان پێکهاتوە لەهەریەکە لەقەزاکانی (کەلار، کفری، بەشێك لە ناحیەکانی قەزای خانەقین). (حاجی حمید،2019، 83).

**4- فاکتەری کۆچکردن:** لێکۆڵینەوە لە دیاردەی کۆچی دانیشتوان گرنگی خۆی بۆ گۆڕانی ژمارە و گەشەی دانیشتوان هەیە، گاریگەری لەسەر تایبەتمەندییە دیمۆگرافی و ئابورییەکانی دانیشتوانی ئەو ناوچانەوە هەیە کە کۆچی لێوەدەکرێت یان کۆچی بۆ دەکرێت. لە دوای فاکتەری زیادبونی سروشتی دانیشتوانەوە، فاکتەری کۆچکردن بە دوەم هۆکاری گەشەی دانیشتوان دادەنرێت، بێگومان کۆچکردن وەك دیاردەیەکی مرۆیی لەلایەن جوگرافیناسان و ئەوانەی گرنگی پێدەدەن پێناسەی زۆری بۆ کراوە، لەبەرئەوە نەتەوە یەکگرتوەکان پێناسەی کۆچی کردوە بەوەی جوڵەی شوێنی جوگرافی کەسەکانە لە نێوان ئەو ناوچانەی کە گۆڕانکاری لە خۆ دەگرێت لە شوێنی نیشتەجێبون لە ماوەیەکی دیاری کراودا (حەمە، 2019، 70) کۆچکردن بە سروشتی خۆی دابەشدەبێت بۆ:

**أ- کۆچی دەرەکی:** مەبەست لەم جۆرە کۆچە جوڵەی دانیشتوانە لە چوارچێوەی سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە، یان جوڵەی دانیشتوانە بۆ دەرەوەی هەرێم و عێراق، وەکو کۆچی بە کۆمەڵی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ وڵاتی ئێران لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی 1991 و دواتریش کۆچی گەنجان بۆ وڵاتانی ئەوروپا، بەهۆی تێکچونی باری ئابوری و گوزەرانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، (عبدالله، 1999، 24).

**ب- کۆچی ناوخۆی:** مەبەست لەم کۆچکردنە جوڵەی دانیشتوانە لە چوارچێوەی سنوری یەك دەوڵەتدا بەمەبەستی نیشتەجێبونی هەمیشەیی، (الزيني، 1974، 149). ئەم دو جۆرە کۆچکردنە بە ڕونی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕویان داوە و کاریگەری بەرچاویشیان لە سەر هەمو لایەنەکان هەبوە وەك لە خوارەوە باسیان دەکەین:

**1- ئاراستەی کۆچ بۆ قەزای کەلار:** بەدرێژای ماوەی لێکۆڵینەوە لەبەر هۆکاری جیاواز، بەشی زۆری دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، لەڕێگەی کۆچەوە لەم قەزایەدا نیشتەجێبون، واتا لە بنەڕەتدا دانیشتوی کەلار نەبون لە دەرەوەی شارەکەوە هاتون و تیایدا نیشتەجێ بون. ئەمەش حاڵەتێکی دیمۆگرافی باوە لە زۆربەی شارە گەورەکاندا، هەلی کارکردن و ژیان و گوزەرانی خۆشتر دابین دەکات بەبەراورد بەناوچەکانی دەوروبەری لە دێهات و شارە بچوکوکان. لە قەزای کەلار بەپلەی یەکەم هۆکاری ڕامیاری لە پشت زۆری ڕێژەی کۆچ و فراوانبونی قەزاکەدا بوە. وەك لە خشتەی ژمارە (8)دا، دەر دەکەوێت ئەو کەسانەی لە ماوەی (2012 – 2022) کۆچیان کردوە بۆ قەزای کەلار نزیکەی (40046)کەس بوە ڕێژەکەی (17.4٪) کۆی دانیشتوانی قەزاکەیان پێکهێناوە. بەشی زۆری ئەم کۆچبەرانەش لە ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراقەوە بونە، ئەمە جگەلە کۆچکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری قەزاکە بەهۆکاری جیاواز جیاواز، بەڵام لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان ژمارەی ئەو کۆچبەرانەی، کە لەناوەندی قەزاکەدان گەیشتوەتە نزیکەی (31264) کەس و بەرێژەی (18.1٪) لە کۆی دانیشتوانی ناوەندیان پێکهێناوە، بەڵام ناحیەی ڕزگاری گەیشتوەتە (7663) کەس و بەرێژەی (17.3٪) کۆی دانیشتوانی ناحیەکەیان پێکهێناوە، بەڵام ئەو ژمارەیە لە ناحییەی پێبازدا گەیشتوەتە (821) کەس و ڕێژەی (8.9٪)، لە ناحیەی شێخ تەویل (298) کۆچبەر و بەرێژەی (9.4٪) کۆی دانیشتوانی ناحیەکەیان پێکهێناوە. سەبارەت بەکۆچکردن لە گوندەکان بەرەو شارەکان هەتاکو ئێستا ئەم کۆچە بەدیارترین شێوەی جوڵەی دانیشتوان دەژمێردرێت لە قەزاکەدا، بەو پێیەی، کە سەنتەرە شارستانیەکان لە قەزاکەدا بوە بەشوێنێکی ڕاکێشان بۆ دانیشتوان چونکە سەرجەم هۆکارەکانی خزمەتگوزاری تێدا دەبنرێت وەکو ئاوی خواردنەوە و کارەبا و فێرکردن و تەندروستی و گواستنەوە و چەندین خزمەتگوزاریتر، کە دەبنە مایەی کێشکردنی دانیشتوان.

**2- ئەو کۆچەی لە قەزاکەوە بەرەو شارەکانی تر دەکرێت:** ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە کۆچیان کردوە بۆ دەرەوەی قەزاکە، ژمارەیان گەیشتوەتە (11972) و بەرێژەی لە (5.2٪) کۆی دانیشتوانی قەزاکەیان پێکهێناوە. بەڵام لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕیەکانی قەزاکە، ژمارەی ئەو کەسانەی کۆچیان کردوە لە ناوەندی قەزاکەدا گەیشتوەتە (10257) کەس و بەرێژەی (5.9٪) ی دانیشتوانی قەزاکەیان پێکهێناوە، لە کاتێکدا لە ناحیەی ڕزگاری (1234) کەسە و ڕێژەی (2.7٪) کۆی دانیشتوانی ناحیەکەیان پێکهێناوە، ژمارەی ئەو کەسانەش لە ناحیەی پێباز کۆچیان کردوە گەیشتوەتە (379) کەس و ڕێژەی (4.1٪) لە کۆی گشتی پێکهێناوە، ناحیەی شێخ تەویل ژمارەی کۆچبەران گەیشتوەتە (102) کەس و بەرێژەی (3.2٪) کۆی دانیشتوانی قەزاکەیان پێکهێناوە.

خشتەی ژمارە (8)

ژمارەو ڕێژەی کۆچی ڕۆیشتو و هاتو بۆ سەنتەرەکانی شارنشینی قەزای کەلار لە نێوان ساڵانی (2010- 2022)

| یەکە کارگێڕییەکان | کۆچ بۆ شار | ٪ کۆی دانیشتوان | کۆچ لە شار | ٪ کۆی دانیشتوان |
|---|---|---|---|---|
| ناوەندی قەزا | 31264 | 18,1 | 10257 | 5,9 |
| ناحیەی ڕزگاری | 7663 | 17,3 | 1234 | 2,7 |
| ناحیەی پێباز | 821 | 8,9 | 379 | 4,1 |
| ناحیەی شێخ تەویل | 298 | 9,4 | 102 | 3,2 |
| قەزا | 40046 | 17,4 | 11972 | 5,2 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەشتن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، قایمقامییەتی قەزای کەلار، بەشی ئامار 2023، داتای بڵاونەکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی گەرمیان، بەشی نیشتەجێبون(زانیاری)، 2023، داتای بڵاونەکراوە.

## ئەنجام

1- تیکرای زیادبونی سروشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە نێوان ساڵانی (2010 – 2022) ڕێژەکەی (16.4) بوە، بەجۆرێك بەرزترین ڕێژە لە ساڵی (2013)بوە بەڕێژەی (24.3) لەهەزاردا، کەچی نزمترین ڕێژە ساڵی (2020) بوە بەڕێژەی (10.6) بوە لە هەزاردا.

2- تیکرای گەشەی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەراورد بە پارێزگای سلیمانی لە ماوەی ساڵانی (1977 – 2002)، ڕێژەکەی (5.4٪) بوە، پارێزگای سلیمانی بۆ هەمان ماوە (3.5٪) بوە، هەروەها لە ماوەی ساڵانی (2002 – 2022)، ڕێژەکەی (2.5٪) بوە. لەبەرانبەردا گەشەی دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی ڕێژەکەی (1.7٪).

3- هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی قەزای کەلار بایەخێکی گەورەی هەیە لە ناوچەکەدا، ئەمەش وایکردوە دانیشتوان لە هەمو ناوچەکانی دەوروبەرەوە روی تێبکەن، بۆیە ڕێژەی دانیشتوان بەردەوام رو لە زیادبونە.

4- قەزای کەلار لە سەرەتای دروسبونیەوە وەکو هەر ناوچەیەکی تری ئەم هەرێمە، چەندین گۆڕانکاری دیمۆگرافی بەسەردا هاتوە. لە سەرەتای دروست بونیەوە سەر بە پارێزگای کەرکوك بو، دواتر بەبڕیاری ڕژێمی پێشوی عێراق خرایەسەر پارێزگای سلێمانی و لە ساڵی (2008)دا، بە بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا بە ئیدارەی گەرمیان و خودی شاری کەلاریش کرا بە ناوەندی ئیدارەکە.

5- چەندین هۆکار کاریگەری هەیە لە سەر گەشەی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، لەوانە هۆکاری (سروشتی، سیاسی و کارگێڕی، ئابوری و بازرگانی، کۆچ).

## پێشنیار:

1- پێویستە لە سەر بەرپرسانی ئیداری و لایەنی پەیوەندیدار گرنگی بە ئامارەکانی گەشەی دانیشتوان بدەن کە توێژەران پێی گەیشتون بە مەبەستی دانانی بەرنامەو پلانی گەشەپێدانی قەزاکە بۆ پرکردنەوەی خواست و پێداویستی دانیشتوانی قەزاکە.
2- بایەخدان بە داتاو زانیارییەکانی تایبەت بە دانیشتوان چونکە بە بناغەی هەمو پلانێکی زانستی دادەنرێت دەتوانرێت سودی هەبێت بۆ ئێستاو داهاتو، لە سەر فەرمانگەی ئاماری قەزاکە پێویستە هەماهەنگ و هاوکاری لایەنە پەیوەندیدار بێت بەمەبەستی تۆمارکردنی هەمو گۆڕانکارییەکانی دانیشتوان.
3- ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بە تایبەت لە بواری کێشەکانی دانیشتوان لەرێگەی هاندانی فەرمانگەکان بە پێدانی زانیاری ورد بە توێژەران.
4- پێویستە پلاندانانی پێشوەختە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئاستەنگەکانی زیادبونی دانیشتوان لە تەواوی قەزای کەلار لە ڕوی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبون بەهەمو پێداویستیەکانییەوە، گرنگیدان بە پەروەردە لە هەمو ڕویەکەوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

ئەنوەر، ئاودێر، 2022، قەزای دەربەندیخان (لێۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای دانیشتوان)، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.
باجەڵان، سوارە حەسەن، 2011، مێژوی کەلار، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
تالیب، جەزا تۆفیق، 2000، بایەخی جیۆپۆلەتیکی کوردستانی عێراق، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی دوەم، سلێمانی.
حاجی حمید، ڕزگار، 2019، کەلار مێژوییەکی دێرین و جوگرافیای شارێکی زیندو، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، چاپی دوەم.
حەمە، سروە جلال، 2019، گۆڕانکاری دانیشتوان لە پارێزگاری سلێمانی لە ماوەی ساڵانی (1977 – 2012)، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای دانیشتوان، زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلیمانی، تێزی دکتۆرا، (بڵاونەکراوە).
زێباری، تاهیر حەسۆ، 2000، ئاقارەکانی شارستانی لە شاری هەولێر، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (16)، ساڵی پێنجەم، هەولێر.
عبداللە، احمد، 1999، زۆربونی دانیشتوان و گەشەسەندنی دانیشتوان لە کوردستان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، ژمارە 13.
خەسباك، شاکر، 1999، ئاراستەی پەرەسەندنی دانیشتوانی لیوای سلێمانی، و عەتا قەرەداغی، چاپخانەی ڕوناکبیری، سلێمانی.
غەفور، عبداللە، 2011، جوگرافیای باشوری کوردستان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
محمود، شاسوار محمد، 2013، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان لە قەزای دوکان، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
محمد، خلیل أسماعیل، 1999، ڕەوشەکانی پیتی زاوزێ لە پارێزگای سلێمانی دا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە 27.
محمد، خلیل اسماعیل، 1997، شیکردنەوەیەکی جوگرافی دانیشتوانی سەنتەرە شارستانیەکان لە پارێزگای سلێمانی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ژمارە (4)، ساڵی پێنجەم، سلێمانی.
محمدعلی، جاسم مجمد، 2000، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لە دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، سلێمانی.
مینە، امین قادر، 1999، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.
شاکەلی، میقداد، 2016، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج.
القرأن الکریم، سوره الاسراء، ألایه(31).
اسماعیل، محمد خلیل، 2002، قضاء الخانقین، الدراسه فی الجغرافیه السکان، الطبعه الثانیه، المنشوراتمرکز کردستان للدراسات لاستراتیجیه، السلیمانیه،.
حسن، حسن محمود، 2008، لاتجاهات الحدیثه البحث الدیموغرافی، المجلد الفتح کلیه التربیه لاساسیه، العدد33،.
الخفاف، عبد علی، 1986، الضاهره السکانیه والتطور الجغرافی، بغداد، دارالحریه للطباعه والنشر، المجلد الموسوعه الصفیره،.
الزینی، عبد حسین، 1974، لاحصاء السکانی، الطبعه الثانیه، دار الحریه اللطباعه والنشر، بغداد،.
زینی و اخرون، 1980، عبدالحسین، الاحصاء السکانی، دارالمعرفه، بغداد.
غلاب و عبدالحکیم، محمد سید و محمد صبحی، 1978، السکان (دیموغرافیا و جغرافیا)، الطبعه الرابعه، مطبعه الانجلوالمصریه، القاهره.

السعدی، ریاض ابراهیم،1987، الهجره من الريفالى الحضره فى العراق دوافعها، انماطها، اتجاهاتها، مجله الجمعيه الجغرافيه، المجلد العاشر، المطبعه العانى، بغداد.
السعدی، عباس فاضل، 2002، جغرافيه السكان، بغداد، مديريه دارالكتب الطباعه والنشر، المجلد الجزء الاول.
سهاونه و سمحه، فوزى عبد و موسى عبوده، 2003، خغرافيه السكان، داروائل للنشر، الطبعه الاولى، عمان.
السهاونه، فوزى، 1982، مبادى الديموغرافيا، الطبعه اولى، الاردن،،.
الشواره، الحبيس، سالم على، محمود عبدالله، 2001، الجغرافيا السكان (مدخل الى علم السكان)، دار الصفاء النشر التوزيع عمان،.
عبدالله، نشوان شكر، 2004، التباين المكان النمو سكان من اقليم كردستان العراق، (1947 - 2007)، مجله زانكو اللعلوم الانسانيه، عدد22، جامعه لاصلاح الدين، أربيل،.
عزيز، السعدی، مكى محمد، رياض ابراهيم، 1984، الجغرافيه السكان، بغداد، الطبعه جامعه بغداد،.
لبيب، على، 2004، الجغرافيه السكان الثابت والمتعدل، الطبعه الثانيه، الدار العربيه للعلوم، بيروت.
محمد، خليل أسماعيل، منطقه التحضر الحدوديه بين العراق و ايران، الدراسات فى اثر الموقع على التركيب لقومى السكان.
الهيتى، حسن، صبرى فارس، صالح فليح، 1986، جغرافيه المدن، المدريه دار الكتب للطباعه والنشر، الموصل.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، ئیدارەی گەرمیان، بەشی ئامار، 2023، داتای بڵاونەکراوە.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، قایمقامیەتی قەزای کەلار، بەشی ئامار، 2023، داتای بڵاونەکراوە.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕیوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، 2023، داتای بڵاونەکراوە.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕیوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان، 2023، داتای بڵاونەکراوە.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گەرمیان، بەشی لەدایکبوان و مردوان، 2023، داتای بڵاونەکراوە.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕیوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی گرمیان، بەشی نیشتەجێبون (زانیاری)، 2023، داتای بڵاونەکراوە.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان، بەرێوەبەرێتی کشتوکاڵی کفری، 2023، داتای بڵاونەکراوە.

پاشکۆی ژمارە (1)

نوسراوی ژمارە ( 30 ) لە رێکەوتی 28 / 2 / 1970 کەلار بکرێت بە قەزا

بڕیاری بە قەزاکردنی کەلار

مرسوم جمهوری (٣٠)

رقم (٣٧)

استنادا الى ماده (٥) من قانون الحافضات رقم (١٥٩) لسنه (١٩٦٩) و بناء على مقتضيات المصلحه الاداريه.

رسمنا بما هوات:-

احداث قضاء فى محافضه كركوك باسم قضاء (كلار) يكون مركز قصبه (كلار) و ترتبط به ناحيتا (شيروانه) و (بيباز) وتكون حدوده الاداريه خارجيه الحدود الادرايه للناحيتين المذكورتين.

على وزير الداخليه تنفيذ هذا المرسوم

كتب ببغدا فى يوم الثانى والعشرين من شهر ذى الحجه لسنه (١٣٨٩) الصادف الثامن و العشرين من شهر شباط لسنه (١٩٧٠)

احمد حسن بكر

رئيس الجهوريه

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، قایمقامیەتی قەزای کەلار، بەشی کارگێڕی، 2023، داتای بڵاو نەکراوە